| یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان مەکتەبی تەنفیزی لیژنەی باڵای فەتوا | بسم الله الرحمن الرحيم | إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان المكتب التنفيذي اللجنة العليا للإفتاء |
|---|---|---|

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

روونکردنەوەیەك لە لایەك لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

سەبارەت بە مامەڵەکانی کۆمپانیای Qnet

دوای ئەوەی لیژنەکەمان لە بەرواری ٢٩/ ذی الحجة / ١٤٣٨ بەرامبەر بە ٢٠١٧/٩/٢٠ بە ژمارە ( ٢٠١٧/١٢ ) لە هەشت لاپەڕەدا فەتوایەکی بە مەرج و سنورداریدا بە دروستی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیای Qnet وە تیایدا بە بە جێبەجێ کردنی ( ١٧ ) مەرج و دارشتەی فیقهی ڕێگەپێدرا بوو کە مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراو بکرێت .

بەڵام دوای ئەوەی بۆ لیژنەکەمان روون بویەوە کە کۆمپانیاکە هەندێك لەو مەرجانەی جێبەجێ نەکردووە بە تایبەتی مامەڵەکردن بە زێڕ و وەرگرتنی ڕسومات و تەحایول لە مامەڵەکاندا و نا بەرامبەربونی نرخی کاڵاکان لە تەك نرخی بازاڕدا بە شێوازێکی زۆر ترسناك کە نیشانەیە لەسەر ئەوەی کە ئامانجی تر هەیە لە خودی مامەڵەکاندا ، هەروەها نەشارەزایی گەنجان لە تێکڕای پرۆسەکە و نا حاڵی بونیان لە مافەکانیان کە لە فەتوا پێشوەکەماندا بە دوور و درێژی ڕونکرابویەوە ، هەروەها بەکارهێنانی فەتواکەی لە دەرەوەی هەرێم کە بە هیچ شێوەیەك لە لیژنەکەمانەوە ڕێگەی پێ نەدرا بوو .. وێڕای هەندێك وردەکاری تر کە سەرپێچی و دەرچوونە لە ناوەڕۆکی فەتواکەی لیژنەی باڵای فەتوا کە لە لایەن زۆرێك لە شاهێد حاڵەکانەوە لە تێکڕای هەرێمی کوردستانەوە ئاگادار کراینەتەوەو بەدواداچونمان بۆ کردووە لە بەر ئەمانە لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان بریاری دا :

١- هەڵپەساردنی فەتوای پێشوترمان ژمارە ( ٢٠١٧/١٢) لە ٢٠١٧/٩/٢٠.

٢- لە دوای ئەم ڕونکردنەوەیە بە هیچ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیای کیونێت بە دروستی نازانین و داوایش لە کۆمپانیای ناوبراو دەکەین فەتوای پێشومان ژمارە (٢٠١٧/١٢) بەکار نەهێنێت بۆ ڕاکێشانی هاوبەش .

خوای گەورە هاوکاری راستگۆیانە ... وصلى الله تعالى على سيدنا محمد واله وصحبه أجمعين

لیژنەی باڵای فەتوا لەهەرێمی کوردستان

هەولێر ... کوردستان

٦/ ذو الحجة ١٤٣٩ ك بەرامبەر ٢٠١٨/٨/١٢ ز

٢٠١٨/٨/١٢

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان

العنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان

www.zanayan.org